# وولاَتی کوێران ... نووسینی هێربێرت جۆرج وێڵس The Country of the Blind.. H.G.Wells

## پ.ی.د. محمد عزیز سعید لە ئینگلیزیەوە وەری گێڕاوە

## کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر

وولاَتی کوێران کوورتە چیرۆکی ئینگلیزیە، هێربێرت جۆرج وێڵس نووسیویەتی. نوسەر هاوولاَتی بەریتانی بووە، پسپۆڕەیەتی لە بواری بایۆلۆجی دا هەبووە و چیرۆك نووس بووە. نوسەر لە 1866/9/21 لە لندن لە دایك بووە و لە 1946/8/13 هەر لە لندن کۆچی دوایی کردوە.

ئەفسانەیەکی ئەمەریکای باشوور دەگێڕێتەوە کە لە ناو چیا بەرزەکاندا دۆلێکی وون بوو هەبووە، لە و دۆڵەدا نەتەوەیەك هەبووە خەڵکەکەی هەموویان نابینا بوون. ئەفسانەکە دەڵێ لە سەرەتا دا خەڵکەکە هەموویان چاوساغ بوون بەلاَم نەخۆشیەك لە ناویان بلاَو بۆتەوە و هەموویانی کوێر کردووە. وردە وردە نابیناییان بە ڕێگای بۆماوەی گواستراوەتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوویان و بەردەوام مناڵەکانیان بە کوێری لە دایك بوون.

هەر لەوکاتەدا بوومەلەرزەیەك لە دۆڵەکەی داوە و وێرانی کردووە و تاشەبەردی گەورە هەموو ڕێگاکانی گرتووە. کەس نەیتوانیوە بچێتە ئەو دۆڵە یان لێ ی دەربچێ. تاوەکوو وای لێهات ئەو دۆڵە لە جیهان دابڕا و لە بیر چووەوە. تەنها لە ئەفسانەکاندا باسی دەکرێ. ئێستا کەس نازانێ ئەو دۆڵە لە کوێ یە.

چەند ساڵێك لە مەوبەر، شاخەوانێك ناوی "نیونیز" بووە سەرکردایەتی تیمێکی شاخەوانی و ڕۆژهەلاَت ناسی کردووە و سەرکەوتوونەتە سەرچیای " پاڕاسکۆتۆپیتڵ" ، بەرزترین لووتکە چیای ئەندێز لە ئەمەریکای باشوور. شەوێکیان، نیونیز لە خێوەتەکەی دێتە دەرێ بۆ ئەوەی پەتێکی شل بووەوەی خێوەتەکەی توونڊ بکاتەوە. بەلاَم نەگەڕایەوە ناو خێوەتەکەی، هاوڕێکانی نیگەران بوون، زۆر بانگیان لێوە کرد، وەلاَمی نەبوو، ئەو شەوە زۆر تاریك و ترسناك بوو، نەیانتوانی بە دوایدا بگەڕێن، چاوەڕێ ی ڕۆژبوونەوەیان کرد. کە ڕۆژ بووەوە، شوێن پێ ی نیونیز دیار بوو کە بەرەو لێژی و هەلدێری دۆڵەکە ڕۆیشتووە. ئەوەندی چاو دەبینێ بە دووری تەماوی چیاکە، دارو درەختی تەنك و بەرز دەرەوە و ناوەوەی دۆڵەکەی داپۆشیبوو، دۆلێکی تەنگی داخراو. زۆر بەترسەوە، دڵنیابوون کە نیونیز لە چیاکە کەوتۆتە خوارەوە. هەموویان دڵنیا بوون کە نیونیز لەژیاندا نەماوە و ئەستەمە کەس بتوانێ بچێتە ناو ئەو دۆڵە و بە دوایدا بگەڕێ. بە غەمباریەوە وازیان لە گەشتەکەیان هێنا و تاوەکوو ئێستا کەس نەیتوانیووە سەر شاخی پاڕاسکۆتۆپیتڵ بکەوێ.

بەسەر سووڕمانەوە، نیونیز پیاوێکی بەختدار بوو. هەرچەندە سەدان مەتر گلۆر بووبووەوە، بە هۆی بەفر و دارەکان برینداریش نەبوو بوو، جگە لە هەندێ پەڵە لەسەر پێستی جەستەی دروست بوو بوو. هەستایەوە سەرپێ و تەماشای دەورو پشتی کرد. لە ڕووناکی مانگە شەو زانی کە لە قەدپاڵی شاخەکەیە، لە لای خوارەوەی دۆڵکەیە. وردە وردە ڕۆیشتە خوارەوە، چیا و بەفرەکەی بەجێ هێشت و هەستی دەکرد ژێر پێ ی گیایە. لە ئەنجامی بەربوونەوەی ماندوو بوو بوو، خۆی خوراند. لە ژێر تاشە بەردێك شوێنێکی دۆزیەوە و پاڵی دایەوە، خەوی لێکەوت.

بەیانی لە خەو هەستا، تەماشای کرد لە خوارەوەی شاخەکەیە. دەستی کرد بە ڕۆیشتن، گەیشتە ناو دۆڵێکی جوان. دیوارێکی بەرزی دیت، لە هەموو لایەکەوە شاخ و دارستانەکەی لە دۆڵەکە جیا کردبووەوە. دوای گەڕان دەروازەیەکی دۆزیەوە، چووە ژوورەوە، بە دەوروپشتی دا بە هەموو لایەکدا کێڵگەی سەوزی جوان، بەناویاندا جۆگەلە ئاوی سازگار دێنە خوارەوە. باڵندەکان و مێشوولەکان لە هەموو لایەك بە دەوری گووڵە پشکوتووەکاندا دەیان خوێند و زیزەیان دەکرد. لە دوورەوە ، گەڵێ کووخی بچووکی نائاسایی بەدی دەکرا. لە کانیاوەکە ئاوی خواردەوە و پشوویەکی دا و بیری لە دۆخەکە دەکردەوە. کە تەماشای کرد، بۆی دەرکەوت کە ئەو جۆگەلانە بریتین لە بەشێك لە سیستەمی ئاودێری.

ئاوی چیاکان لە کەناڵەکاندا کۆ دەکەنەوە و بە دەوری دۆڵەکەدا دەسووڕێنەوە و ئاوەکە دەگەیەننە جۆگەلەکان و بە ناو کێڵگەکاندا دەڕوات. بە درێژاییی دۆڵەکە دیوارێك بە بەرزی تاوەکوو سینگی مرۆڤ هەبوو. بەلگەی چالاکی مرۆڤ بوو. لە ناو دۆڵەکە دا و بەناو کێڵگەکاندا ڕێ ڕەوی جوان و ڕێك و پێك دروست کرابوو. لە لایەکی هەموو ڕێ ڕەوەکان ، دیوارێکی بچووکی نزم دروست کرابوو. نیونیز بیری کردەوە بۆچی دەبێ بەم شێوە نامۆیە ئەو دیوارانەیان دروست کردبێ.

خانووەکان زۆر نامۆ تر بوون. لە سەر شێوازی گووندی ناو چیاکان نەبوون. خانووەکان زۆر بەجوان و ڕێك و پێك لە هەردوو لای ڕێگاکان دروست کرابوون. خانووەکان پەنجەرەیان تێدا نەبوون، دیواری خانووەکانیان بە ستایلی ڕەنگی جیاواز تەواو کردبوو، هەرکەسێك تەماشای کردبان، دەبوو بیر بکاتەوە چۆن دروست کراون. لەبەر خۆیەوە گووتی" هەرکەسێك ئەو خانووەی بۆیە کردووە، دەبێ وەکوو شەمشەمە کوێرە کوێر بوو بێ". لەم کاتە ساتەدا لەناکاو ئەفسانەی دۆڵە وونبووەکەی بیرکەوتەوە کە خەڵکەکەی کوێر بوون. لەهەمان کاتدا، پەندێکی پێشینانی بیرکەوتەوە کە دەڵێ " لە وولاتی کوێران پیاوی یەك چاو پاشایە".

کاتێك ئەمەی گووت، بیرێك بە خەیاڵی دا هات و زەردەخەنەیەك گرتی و بەردەوام پەندەکەی دووبارە دەکردەوە، " لە وولاتی کوێران، پیاوی یەك چاو پاشایە".

لەو کاتەدا ، سێ پیاو لە خانوویەك هاتنە دەرەوە، لە سەرەخۆ لە دوای یەك دەڕۆیشتن، جلی خوری و پێڵاو و پشتێنی چەرمیان لەبەر بوو. وا پێدەچوو دەوڵەمەند بن. نیونیز بانگی کردن، ئەوانیش سەریان بۆ لایەك سووڕاند هەروەکوو بڵێ ی گوێ لە سەرچاوەی دەنگەکە دەگرن. نیونیز لەبەر خۆیەوە گووتی "دەبێ ئەم گەمژانە کوێر بن" ، بەرەو پیلیان ڕۆیشت، نیونیز دڵنیابوو کە ئەو لە وولاتی کوێرانە، ئەو وولاتەی لە ئەفسانەدا بیستوویەتی. کە لێ یان نزیك بووەوە، دیتی چاویان بچووکە و داخراون. وەکوو پیاوانی ترساو بەیەکەوە ڕاوەستابوون. لە نزیکەوە گوێ یان لە خشەی پێ ی دەگرت. کاتێك گەیشتە لایان، دەستیان دەرهێنا، بۆ ئەوەی دەست لە نیونیز بدەن.

بەشێوازی زمانی ئیسپانی کۆن پرسیان" تۆ کێ ی و لە کوێوە هاتووی؟". نیونیز بە ستەم لێ یان تێدەگەیشت. گووتی لەسەر شاخەکەوە لە شاری "بۆگۆتا" وە هاتووم، وا پێدەچوو لێ ی تێ نەگەیشتن، بۆی ڕوون کردنەوە کە شارێکی گەورەیە و لە وێ " هەموو کەس چاوی دەبینێ". وا پێش بین دەکرا کە ئەوان بە وەڵامەکەی سەرسام بوو بن بە نامۆیەك لە دەرەوەی جیهانیان هاتبێ، بەلاّم لە جیاتی سەرسام بوون، پیاوە کوێرەکان سەریان بادا." قسەی

بێ مانا ، باسی چی دەکا، شار ، شاخ، بینین؟ ئەمە چی جۆرە قسەیەکی شێتانەیە؟ شتی وانیە. یەکێکیان گووتی" لە تاشەبەردەکان هاتۆتە دەرەوە".

ئینجا دەستیان بەسەر جەستەی داهێنا و پێستی گرژ بوو، یەکێکیان گووتی" پیاوێکی کێویە". کە دەستیان لەدەم چاوی دا ، نیونیز گووتی" وریای دەم و چاوم بن".

یەکێکیان گووتی" لێرە شتێك هەڵەیە، جوڵانی چاوە گەورەکانی نیونیز بۆ کوێرەکان شتێکی نوێ بوو".

نیونیز بەناڕەزاییەوە ڕووی تێ کردن و گووتی " تێ ناگەن" من دەتوانم ببینم، ڕووی وەرگێرا، خەریك بوو بکەوێ، چوونکە پێ ی لە گۆزەی یەکێکیان دا، پیاوەکە دای نابوو پڕی بکات.

یەکێك لە کوێرەکان گووتی" ئەو برادەرە گەمژەیە ، هەژارە"، تەنانەت ناتوانێ بجوڵێ ئەگەر خۆی بە شتێکدا نەدات، بیبەن بۆ لای بەتەمەنەکان.

نیونیز دوایان کەوت بۆ ناو خانوویەکی بێ پەنجەرە. ناو خانووەکە ئەوەندە تاریك بوو ، هیچی نەدەبینی و نەی دەزانی بۆ کوێ دەڕوات. گووتیان " پیاوێکی کێوی نامۆمان دۆزیوەتەوە، لە تاشە بەردەکان هاتۆتە دەرەوە".

نیونیز بە ناڕەزاییەوە گووتی " من لە بۆگۆتا وە هاتووم، شاری گەورەی سەر چیا".

دووبارەیان کردەوە "بۆگۆتا؟"،" بۆگۆتای زەوی چیە؟" برادەری گەمژە. کوڕێکی بچووك، پەنجەکانی خۆی دەگووشی و گووتی ئەو پیاوە نازانێ ووشەی گوونجاو بەکار بهێنێ، بۆگۆتا! بۆگۆتا!، بە بێ ڕێزیەوە پێ کەنی.

نیونیز بە تووڕەییەوە گووتی" بەڵێ ، بۆگۆتا" تاریکی ڕاستەقینە، وەك گووندێکی وەك ئەوە!

ووتیان ناوی " بۆگۆتایە"، دانیشە بۆگۆتا.

گووتی" من دڵنیام تێ دەگەن"، من چاوم دەبینێ!

لەنێوان خۆیان گووتیان" ئەوە شێتە"، باسی چی دەکا؟

مەبەستی چیە لە بینین؟ لە دەوری کۆبوونەوە، زۆر تاریك بوو، هیچی نەدەبینی، کەوتە سەر یەکێکیان و بەربووەوە.

یەکێکیان گووتی، تازە دروست بووە،" قسەی بێ مانا دەکات، بەربووەوە".

نیونیز لەسەر زەوی کوخەکە دانیشت و بەتەمەنەکان پرسیاریان لێ دەکرد. زۆر بە کەمی لێ ی تێ دەگەیشتن. نیونیز وردە وردە تێگەیشت ئەو خەڵکە لەماوەی چواردە نەوەی پێشوودا چیان بەسەر هاتووە و چۆن لە جیهان دابڕاون. لە دوای بوومەلەرزەکە و دابڕانیان هیچ زانیاری جیهانیان لە لا نەماوە، هەروەکوو دیارە ئەوانە چۆن بینینیان لە دەست داوە. ووشەی بینین و چاو لە زمانەوانیاندا نەماوە. ڕێگاچارەی تایبەت بەخۆیان دۆزیوەتەوە بۆ بەردەوام بوونی ژیانیان و بیریان بەرەو پێش بردووە.

جەستەیان لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات ڕاهاتووە ، بەبێ چاو دەژین. هەستەکانی تریان ، وەکوو بیستن و بۆن کردن زۆر بەهێز بوون. ژیریان بەرز بۆتەوە و جیهانێکیان بۆ خۆیان داهێناوە، گوونجاوە بۆ خەڵکانی نابینا. ئەو ڕێ ڕەوانەی دروستیان کردوون، بە شێوەیەکن لەکاتی هاتووچۆکردنیان وون نابن و گوونجاوە لە گەڵ پێویستیەکانیان. هەستی

ڕووناکیان نەماوە. ساتەکانی ڕۆژە گەرمەکانیان تەرخان کردووە بۆ نوستن و ساتە فێنکەکانی شەوانیش بۆ کارکردن.
ژیانێکی سادە ژیاون، ژیانی ئاسایی جووتیاران، گوێ پێ نەدان، بەلاّم گوونجاوە لەگەڵ ئەو جیهانەی پێویستیان پێ یەتی. پێ دەچوو بیرۆکەکانیان نامۆ و سنووردار بێت، بەلاّم لەگەڵ ئەو دۆخەی تێ ی دادەژین شیاوە. ناتوانن ببینن، توانای گەڕانیان نیە، بەلاّم باوەڕیان وابوو ئەو دۆڵەی تێ ی دا دەژین بریتیە لە هەموو گەردوون. هیچ زانیارییەکیان دەربارەی شاخەکانی دەورو پشتیان نەبوو، وە وایان دەزانی نیونیز گەمژەیە باسی شتێك دەکات لە بنەمادا نیە. تەنها ئەوەیان دەزانی تەنیشتەکانی دۆڵەکەی لێ ی دەژیان لە تاشە بەرد پێك هاتووە. هەستیان بە بەردەکان دەکرد، هەرلەبەر ئەوەش وایان دەزانی ئاسمانیش لە بەرد دروست بووە. وایان دەزانی لە بەرزی دەپیاو بن میچ هەیە لە بەرد دروست بووە. کاتێك نیونیز هەوڵی دا بۆیان ڕوون بکاتەوە، نیگەران بوون. بە نیونیزیان گووت، "بیرکردنەوەکەت شەیتانیە و زۆر خراپە". " پێویستە ئەم شتانە باس نەکەیت، زۆر شت هەیە فێری ببیت، ئێمە فێرت دەکەین".
نیونیز بۆماوەیەك گوێ ی لێ ڕاگرتن، بەلاّم لەناکاو بەبیری هاتەوە کە لە وولاّتی کوێران پیاوی یەك چاو پاشایە. بڕیاری دا بۆیان بسەلمێنی کە ئەو توانای بینینی هەیە و مرۆڤێکی بیر تیژە. بەلاّم ئەم کارە زۆر ئەستەم تربوو لەوەی بیری لێ دەکردەوە. زانی بینین هیچ سوودێکی نیە. بۆ دەست پێ کردن، ئەوان بە شەو بە ئاگان و جگە لە ڕووناکی مانگ و ئەستێرەکان هیچ شتێکی تر نیە و واپێویست دەکات فێری هەندێ شت ببێ و ترسی لەسەریان نەبێ. هەستەکانیان وا نەش و نمای کردبوو بەتەواوی لە گەڵ پێداویستی جیهانیان دەگوونجا و بەردەوام سوودیان لێ وەردەگرت.
دوای چاوپێکەوتنێکی دوور و درێژ لە گەڵ بەتەمەنەکان، لە خانووەکە هاتە دەرەوە و یەکێك لە پیاوە کوێرەکان بانگی کرد" بۆگۆتا، وەرە ئێرە" . نیونیز ویستی گەمەیەك بکات و لە شوێنی خۆی نەجوولاّ . پیاوەکە بەرەو ڕووی هات و گووتی بۆچی نەهاتی. نیونیز لە ڕێ ڕەوەکە لای داو چووە ناو گیایەکە و بەلاّم پیاوە کوێرەکە بە گوێ هەستدارەکانی گوێ ی لە دەنگەکە بوو هەروەکوو نیونیز گوێ ی لێ بوو. پیاوەکە گووتی " بەناو گیادا مەڕۆ".
نیونیز هاتەوە سەر ڕێ ڕەوەکە.
پیاوە کوێرەکە بانگی لێوەکرد" بۆچی کە بانگم کردی نەهاتی؟" گوێت لە ڕێ ڕەوەکە نیە؟
نیونیز وەلاّمی دایەوە" من دەیبینم"
" بەسە، واز لەو بێ مانایانە بهێنە، بەدوای دەنگی قاچم بکەوە". نیونیز بەدوای کەوت، بەدڵ تەنگیەوە گووتی" منیش کاتم دێ". پیاوە کوێرەکە وەلاّمی دایەوە" فێر دەبی" لە جیهاندا زۆر شت هەیە فێری ببی." کەس پێ ی نەگووتووی، لە وولاّتی کوێران، پیاوی یەك جاو پاشایە".
پیاوەکە گووتی " بەڕاست؟" کوێر چیە؟

ڕۆژی دوایی لە گوندەکە لە گەڵ کۆمەڵێك لە بەتەمەنەکان وەستابوو، پیاوێکی دیت، زانی ناوی "پێدرۆ" یە، بەرەو گووند بە ڕێ ڕەوی حەڤدەدا دەهات- هەموو ڕێ ڕەوەکان بە ووردی ژمارەکابوون. پێدرۆ هێشتا دوور بوو بەتەمەنەکان گوێ یان لێبێ یان بۆنی بکەن. نیونیز ویستی بۆیان بسەلمێنێ کە ئەو دەیبینێ.

بە دڵخۆشیەوە گووتی" دوای کەمێکی تر، پێدرۆ دەگاتە ئێرە" ئێستا بە ڕێ ڕەوی حەڤدەدا دێت.

بەتەمەنێکیان گووتی" پێدرۆ نابێ لە ڕێ ڕەوی حەڤدە بێ" نیونیز تەماشای کرد، لە ناکاو پێدرۆ چووە سەر ڕێڕەوی ژمارە دە و بە ئاراستەی جیاواز ڕۆیشت، لە گووندەکە دوور کەوتەوە. پێدرو نەهات، هەموویان گاڵتەیان بە نیونیز کرد. دوایی لە پێدرۆی پرسی ئەو لەسەر چی ڕێڕەوێك بوو، پێدرۆ تووڕە بوو، لاساری کرد کە ئەو هەرگیز لەسەر ڕێ ڕەوی حەڤدە نەبوو.

چوار ڕۆژ تێپەڕ بوو لە ڕۆژی پێنجەم پاشای کوێرەکان تاوەکوو ئێستا هەر نامۆ و سەر لێ شێواو بوو، بیرۆکەیەکی بۆ هات. لەگەڵ یەکێك لە گووند نشینەکە ڕێکی خست کە دوای بکەوێ بۆ خاڵێك لە قەدپاڵی شاخەکە، گووندەکەی جوان لێوە دیاربێ. بەڵێنی دا لەوێوە باسی هەموو ئەو شتانە بکات کە ڕوویانداوە. کە گەڕانەوە باسی ئەو شتانەی کرد کە دیتنی، بەڵام لێ ی بێ هیوا بوون. بۆ ئەوەی توانای بینینی تاقی بکەنەوە، لێ یان پرسی چی لەناو خانووەکە ڕوویدا، ئەوە گرنگ بوو لەلایان. نەیتوانی باسی بکات و ڕوون کردنەوەکەی باش نەبوو، بەتەواوی سەرکەوتوو نەبوو. کوێرەکان لێرەدا بەتەواوی بێ گوومان بوون کە ئەو گەمژەیە.

لەم ساتەدا بڕیاری دا هێز بەکار بهێنێ، دار تێلاّیەکی هەلگرت بۆ ئەوەی لە یەکێکیان بدات. ئەوەش سوودی چاو بینین نیشان دەدات. ڕاوەستا و تێلاّکە بەدەستیەوە بوو، بەڵام دوودڵ بوو. هەموویان لەسەر شێوەی بازنە بەدەوریدا ڕاوەستان، سەریان بۆلایەك سووڕاندبوو و گویان بۆ لای ئەو هەڵخستبوو بۆ ئەوەی بیبیستن ئێستاکە خەریکی چیە.

لەم چرکە ساتەدا بۆی دەرکەوت کە نابێ لە پیاوی کوێری بێ تاوان بدات.

" بۆگۆتا، ئەو دار تێلاّیە دانێ".

نزیکترین پیاوی بۆ لای دیوارەکە پاڵ پێوە نا و بەناو کێڵگەکەدا ڕای کرد و لە گووندەکە ڕۆیشتە دەرەوە. پێیەکانی گیایەکەی شێلابوو و شوێن پێ یەکانی دیار بوو. دوای ماوەیەك لە تەنیشت ڕێ ڕەوەکە دانیشت. بە بەرگری کردنەکەی زۆر دڵخۆش بوو، بۆی دەرکەوت کە ناتوانێ لە گەڵ کەسانێك بجەنگێ لە ڕووی عەقڵەوە لەو جیاوازن.

لە دوورەوە دیتی چەند پیاوێك لە خانووەکە هاتنە دەرەوە و تێلاّ و داریان پێ یە و بە ڕێ ڕەوەکەدا بەرەو ڕووی دێن. لەسەرەخۆ دەڕۆیشتن، هەندێ جار قسەیان دەکرد و جارجارەش دەوەستان گوێ یان دەگرت و بۆنی هەوایان دەکرد. لەسەرەتادا نیونیز پێ کەنی و دوایی لە پێ کەنین وەستا. یەکێکیان شوێن پێ یەکانی لەناو گیایەکەدا دۆزیەوە، خۆی دانەواند و هەستی پێ کرد. بۆ ماوەی پێنج خوولەك تەماشای دەکردن، بەرەو ڕووی دەهاتن، هەستی ترسی بەرزبووەوە. هەستایە سەرپێ و یەك هەنگاو گەرایە دواوە. هەموویان لەسەر شێوەی نیو بازنە وەستان و بێ دەنگ گوێ یان دەگرت. ئەویش بەبێ دەنگی وەستا و تێلاّکەی بە هەردووەدەستی گرتبوو. هێرش بکاتە سەریان؟ لە گوێ ی دا پەندەکە دەزرنگایەوە" لە وولاّتی کوێران، پیاوی یەك چاو پاشایە". لە پشتیەوە دۆڵەکە بە دیوارێکی درێژ دەورە درابوو، سەرکەوتنە سەری ئەستەم بوو، چونکە دیوارەکە زۆر لووس بوو.

هێرش بکاتە سەریان؟

یەکێکیان بانگی کرد"بۆگۆتا!". " بۆگۆتا، لەکوێ ی؟"

تێلاَکەی توووند گرت و بەناو کێڵگەکەدا گەڕایەوە. هەر کەدەستی بە جووڵاَن کرد، هەموویان بەرەو ڕووی هاتن.

بەخۆی گووت "ئەگەر دەستم لێ بدەن، ئەوا لێ یان دەدەم".بەخوا لێ یان دەدەم! بەدەنگی بەرز هاواری کرد.

بزانن، لەو دۆڵەدا هەرچی بمەوێ دەیکەم، گوێتان لێمە؟ هەرچ شتێکم بوێ دەی کەم، بۆ هەرشوێنێك بمەوێ دەڕۆم.

بە خێرایی لێی نزیك دەبوونەوە، هەستیان بە بەرەو پێش هاتن دەکرد. یەکێکیان هاواری کرد" بیگرن!" . لێی نزیك دەبوونەوە. دەبوو شتێك بکات.

بەدەنگی بەرز گووتی" ئێوە تێ ناگەن" وای نیشان دا بە هێز و بە توانایە، بەلاَم دەنگی بە هێز نەبوو. ئێوە کوێرن، بەلاَم من دەبینم، وازم لێ بهێنن!

بۆگۆتا! ئەو تێلاَیە دانێ ، لەسەر گیا مەڕۆ!

ئەو فەرمانەیان گەمژەیی پێوەدیار بوو، وای لە نیونیز کرد، هەست بە جۆرە ترسێکی بێ هیوا بکات، تووڕە بوونێکی لە ناکاو. بەگریانەوە گووتی"لێتان دەدەم". بە خوا، لێتان دەدەم! وازم لێ بێنن.

دەستی بەڕاکردن کرد، نەی دەزانی بۆکوێ دەچێت، بەخێرایی خۆی هەڵدایە ناو قۆرتێك، بەلاَم گوێ یان لێ ی بوو بە خێرایی لێ ی نزیك بوونەوە و نەیتوانی لێ یان دەرباز بێت. بازی دایە دەرەو و بەرەو پێش هات و تێلاَکەی هێنایە خوارەوە و هەستی کرد لە یەکێکیانی دا و کەوت، لە ئازارەکەی گریا. نیونیز لێ یان دەرباز بوو و بەرەو گووندەکە ڕای دەکرد. پیاوە کوێرەکان بلاَو ببونەوە و تێلاَکانیان و دارەکانیان بە هەموو لایەکدا ڕادەوەشاند. گوێ ی لە هەنگاوی پێ ی پیاویکیان بوو لە دواوەی بە خێرایی دەهات دەی ویست بە دارەکەی لێ ی بدات.

تۆقیبوو، تێلاَکەی فڕێ دایە سەرزەوی و زۆر بە خێرایی ڕای دەکرد و دەی قیژاند و هاواری دەکرد.

نەی دەتوانی بە ڕوونی بیر بکاتەوە و وەکوو شێت بە هەموو لایەکدا ڕای دەکرد بۆ ئەوەی لە پیاوە کوێرەکان ڕزگاری بێت کە هەموو لایەکی ڕێ ڕەوەکەیان لێ گرتبوو.

خزی و کەوت، کوێرەکان هەستیان بە کەوتنەکەی کرد، بەلاَم توانی هەستێتەوە و لە سەر پێ ی ڕابووەستێتەوە. لە دوورەوە لە دیواری دەورەی گووندەکە دەروازەیەکی دیت. زۆر بە خێرایی بەرەو دەروازەکە ڕای کرد. ئاوڕی نەدایەوە تاوەکوو گەیشتە دەروازەکە. لە پردەکە پەڕیەوە، قاچەکانی تێك ئالاَ، کەوتە سەر تاشە بەردەکان، بۆ هەناسە دان دانیشت.

سەرپێچی کردنەکەی تا سەری لووتی هاتبوو. بۆ ماوەی دوو ڕۆژ و دوو شەو لە دەرەوەی دیوارەکە مایەوە، بەبێ خواردن و بەبێ جێگەی خۆشی خەوتن، بیری دەکردەوە، ئێستا چی بکات. کاتێ بیری دەکردەوە، زۆر جار دووبارەی دەکردەوە و هەردەی گووتەوە، باوەڕ ناکەم، " لە وولاَتی کوێران، پیاوی یەك چاو پاشایە". لەسەرەتادا بیری لە شێوازی جەنگ کردن دەکردەوە و چۆن زاڵ بێت بەسەر ئەو خەڵکەدا، بەلاَم هەر زوو بۆی دەرکەوت کە ئەوە ناکرێ. چەکی نەبوو، چۆن چەکی دەست دەکەوێ ، ئەو زۆر دوورە لە شارستانیەت.

زۆر بە گرنگی بیری کردەوە، وەیزانی ناتوانێ بچێتە خوارەوە و پیاوێکی کوێر بکووژێ، تەنها بۆ ئەوەی هێزو توانای نیشان بدات. خۆ ئەگەر ئەوەی بکردبایە ، ئەوا دەیتوانی کۆنترۆڵی گووندەکە بکات و هەڕەشەی کوشتنی هەموویان بکات. بەلاّم ئێستا یان تۆزێکی تر ، پێویستە بخەوێ.

هەوڵی دا لەناو دارەکانی سنەوبەر خواردن پەیدا بکات، و لە ژێر لقی دار سنەوبەرەکان تۆزێ پشوو بە خۆی بدات. شەو و بەستەڵەك داهات. هەروەها بیری دەکردەوە بە بەردێك بزنە کێوییەك بکووژێ و هەندێ لە گۆشتەکەی بخوات. بەلاّم بزنە کێوییەکان زۆر خێران و خۆیان لێوەی بە دوور گرتبوو.

ڕۆژی دووەم، سەرمای بوو، برسی بوو، هەستی بە ترسی دەکرد. لە کۆتاییدا ، بۆمەبەستی لێدوان بە دیواری وولاّتەکەی کوێران خۆی خلۆر کردەوە. هاواری کرد، دوو پیاوی کوێر لە دەروازەکە هاتنە دەرەوە و قسەیان لە گەڵیدا کرد.

گووتی " من شێت بووم"،" بەلاّم من گەمژەم".

گووتیان ئێستا باشترە. پێ ی گووتن ئێستا ئەو عاقڵ تر بوو. پەشیمانە لەو هەموو کارە خراپانەی کردی. دەستی کرد بە گریان، زۆر لاواز و نەخۆش بوو. ئەوانیش بە هێمنی قسەیان لە گەڵی کرد. لێ یان پرسی کەوا ئێستاش هەر دەڵێ دەبینێ. گووتی " نەخێر"، ئەوە بێ مانا بوو. ئەو ووشەیە هیچ مانای نیە لە بێ مانایش کەمترە.

لێ یان پرسی " چی لەسەرومانەوە هەیە؟"

گووتی" لەبەرزی دەهێندەی بالاّی دە پیاو، بن میچی بەردیە و زۆر لووسە".دەستی کردەوە بە گریان" پێش ئەوەی پرسیاری ترم لێبکەن"، " تکایە خواردنم بدەنێ، ئەگەر نا دەمرم".

چاوەڕوانی سزایەکی قوورسی دەکرد، بەلاّم خەڵکە کوێرەکان توانای لێبوردنیان هەبوو. سەرپێچیەکەی ئەویان هەروەکوو نموونەیەکی گەمژەیی و خراپ دەبینی. دوایی ڕێ یان پێ دا لە گوونەدکە بمێنێتەوە و کاری سووك و قورسیان پێ دەکرد. لەو کاتەدا نیونیز بۆی دەرکەوت کە هیچ چارەیەکی نیە، جگە لەوەی چی پێ دەڵێن بیکات.

بۆ چەند ڕۆژێك نەخۆش بوو، بەنەرمی چارەسەریان دەکرد. بەلاّم سوور بوون کە دەبێ لە تاریکی دا پاڵ بکەوێ و ئەوەش دڵخۆشی نەدەکرد.

زانا و فەیلەسوفە کوێرەکان هاتن، باسی کارە خراپەکانی و شەیتانەکانی ناو مێشکیان کرد. سەرزەنشتیان دەکرد، تایبەت بە گوومان کردنی ئەوەی بن میچی بەردی ئاسمانی گووندەکەیانی داپۆشیوە. ئەویش وورده ورده خەریك بوو باوەڕ بکات کە ئەوە ڕاستە.

کاتێ چاك بووەوە ناردیان بۆ کارکردن وەکوو خزمەت کار لە لای پیاوێك ناوی جاکوب/یاکوب بوو. دوای دەهەفتە و دە مانگ ، لە سەرەخۆ نیشتەچێ بوو، خەڵکانی گووندەکەی ناسین و بە تێپەڕ بوونی کات، جیهانی پشت شاخەکان ورده ورده دەبوو بە چۆڵایی و نادروست.

جاکوب کچێکی هەبوو ناوی مەدینە-ساروت بوو، نیونیز هەستی دەکرد کچەکە جوانە. هەرچەنە کوێر بوو بەلاّم چاوەکانی وەکوو چاوی ئەوانی تر هێندە پووچ نەبوو بوونەوە. ئەوەش وای لە کچەکە کردبوو بۆ پیاوە گەنجەکانی دۆڵ هێندە سەرنج ڕاکێش نەبێ، دەرئەنجام، هاوڕێ ی کوڕی نەبوو. نیونیز دەستی کرد بە قسەکردن لە گەڵیدا و

بۆی دەرکەوت ئارەزووی هاوڕێ دۆستی هەیە. هەرکە دەیبینی قسەی لە گەڵدا دەکرد و وای لێهات کاتی زۆریان بەیەکەوە بەسەردەبرد و پیاسەیان دەکرد. لەسەرەتادا نیونیز باسی چاوەکانی نەکرد، بەڵام دوای ئەوەی بوون بە ئاشنا و لە یەکتری نزیك بوونەوە، پێ ی گووت کە ئەو دەبینێ. کچەکە هەر بۆ خۆشی گوێ ی لێ ڕاگرتبوو. لە نێو خەڵکانی دۆڵەکە، مەدینە -ساروت تاکەکەس بوو گوێ ی لێ دەگرت. مەدینە-ساروت هەستی کرد باسی بینینەکەی ، چیرۆکێکی جوان بوو.

هەرچەندە نیونیز کەوتبووە بەردڵی جاکوب ، بەڵام بەو هاوڕێیەتیەی کچەکەی دڵخۆش نەبوو، یەکێك قسەی بێ مانا بکاو خزمەتکار بێ بۆ هاوڕێ یەتی کچەکەی ناگوونجێ. لەلایەکی ترەوە نیونیز مەدینە —ساروتی زۆر بە دڵ بوو، ڕوون بوو کە مەدینە-ساروت ئەوی خۆش دەوێ.

نەیویست کچەکەی دڵ شکێن بکات، لەبەر ئەوە چوو بۆ لای بەتەمەنەکانی گووند بۆ ئامۆژگاری کردنی. دوای ماوەیەك، بەتەمەنەکان چارەسەریان دۆزیەوە. گووتیان کێشەی نیونیز، ئەو جوڵە نامۆیەی چاوەکانیەتی. ئەوەش جیاوازی لەگەڵیاندا دروست کردووە و وای کردووە دڵخۆش نەبێ و قسەی شێتانە بکات. نیونیزیان بانگ کرد بۆ خانووی بەتەمەنەکانی دۆڵ.

گووتیان" تۆ ئارەزووی هاوسەرگیری مەدینە-ساروتت هەیە" نیونیز گووتی" بەڵێ — ئارەزووم هەیە".

" کەواتە تۆ پێویستە لەسەر یەك مەرج ڕازی بی، دوای ئەوە ڕێگات پێ دەدەین بیخوازی".

نیونیز پرسی" ئەو مەرجە چیە؟".

گووتیان" مەرجێکی زۆر سادەیە" چاوەکانتە وای کردووە تۆ وەك کەسێکی شێت بیت. ئەگەر دەتەوێ ببی بە یەکێك لە ئێمە، پێویستە ڕازی بی چاوەکانت دەر بهێنین. نەشتەگەریت بۆ دەکەین. چاوەکانت دەردەهێنین، ئینجا دڵخۆش دەبیت. دەبیت بە کەسێکی ئاسایی وەکوو ئێمە. نیونیز نەیزانی چی بڵێ و چی بکات، بەڵام ئەوان بێ حەوسەلە بوون. نیونیز ئەوەندە مەدینە-ساروتی خۆش دەویست، لە کۆتایی دا ڕازی بوو هەفتەی داهاتوو چاوەکانی دەر بهێنن.

ئێوارەی پێش نەشتەگەریەکە، چوو بۆ بینینی مەدینە- ساروت و پیاسەیان کرد و تەماشای خۆر ئاوابوونی کرد و گووتی" سبەی من چیتر نابینم".

مەدینە-ساروت گووتی" خۆشەویستم، دەزانم"، بەڵام نیگەران مەبە، ئازارت نادەن. باوەشی پێدا کرد و ماچی کرد. کچەش بۆ خەوتن گەڕایەوە ماڵەوە. کەڕۆیشت تەماشایەکی کرد و پڕ لە سۆز و بەچرپە گووتی" خوات لەگەڵ".

ئەویش ڕووی وەرگێڕا و ڕۆیشت. کە گەیشتە یەکەم گرد، سەرکەوت، بەرەو دواترین تیشکی خۆر. بەسەر تاشە بەردەکاندا سەرکەوت، زۆر ستەم بوو، قۆڵ و قاچەکانی بریندار بوون، لە گووندەکە دوور کەوتەوە.

کاتی خۆر ئاوا بوون ئەو گەیشتبووە بەرزایی گردەکە. جلەکانی دڕابوون، قۆڵ و قاچەکانی خوێناوی بوو بوون زۆر شوێنی جەستەی کوترابوو، بەڵام بە هێمنی پاڵی دایەوە و زەردەخەنە لەسەر ڕووی بوو.

لەو شوێنەی لێ ی دانیشتبوو، وا پێدەچوو دۆڵەکە تاریك و یەك میل قووڵ بێ. تاریك و تەماوی و قووڵ، سێبەری نەزانراو، شینی هەڵگەڕاو بۆ مارۆنی و مارۆنیش بۆ تاریکایی. بەدەوریدا لووتکەی شاخەکان لە ژێر تیشکی خۆر ئاوا

**بوون ئەدرەوشانەوە و بریقەیان ئەدایەوە، لە سەرەوە بۆ هەموو لایەکی ئاسمانی کاکی بەکاکی پان. کاتێك پاڵی دابووەوە ، هیچ گوێ ی پێ نەدا، دڵخۆش بوو لە دۆڵی کوێران ئەرباز بووە. ئەو دۆڵەی ئەیویست تێ ی دا ببێ بە پاشا. شەو داهات هەر لەوی پاڵی دابووەوە، لە ژێر سەرما و ئەستێرە گەشەکان.**